# خوێندنەوەیەکی کورت سەبارەت بە بونیادگەرایی ئیسلامی

**عەلی قۆیتاسی**

هـەر وەك ئاگـادارن، سـەرهەڵدانی بونیادگـەرایی ئیـسلامی و پـەرەگرتنی هەرچی زیاتری ئەم دیاردەیە، پانتاییەکی بەرچاوی لە سیاسەتی نێودەوڵـەتی بۆ خۆی قۆرغ کردوە. بوون و گەشەکردنی بونیادگەرایی ئیـسلامی هـەر چـەند کە زۆری لە سەر نووسراوەو کوتراوە، بەڵام پێویستیی بە شیکردنەوەی زیـاتر هەیـە. چـون ئـەم دیاردەیـە کـە بـە دەسـەڵات بگـا، بـە واتـای لـە گۆڕنـانی ئازادییـەکان و دێمۆکراسـی و بردنـی کۆمەڵگایـە بـەرەو ئاقـارێکی خـراپ، کـە هەڵدێران چاوەڕوانیەتی.

ئیسلامی سیاسی، رادیکاڵیزمی ئیسلامی، بونیادگەڕایی ئیسلامی، ئیسلامی سەلەفی، ئیسلامی ئوسوولی، موسوڵمانانی بناژۆ و ئیسلامگەرایانی "افراگی" و فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی و... هتد، ئەمانە هەمووی لە ئاکام دا هـەر یـەکن و لە هەر شوێنێك یەکێك لەم دەستەواژانەیان بۆ بەکار دەهێنن.

**ئیسلامی سیاسی چیە؟**

ئیسلامی سیاسی بزووتنەوەیەکی بە تەواوی توندڕەوانەیە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، بەشێك لـە ئاسـیای میانـە و قـەفقاز و باکووری ئەفریقا کەم و زۆر لە ئـارا دایـەو، لـەم ناوچـانەی کـە باسمـان کـردن چەندین گرووپ و رەوتی توندڕەوی ئیسلامی بەڕێوەی دەبەن کـە رێژیمـەکانی ئێران، سوودان، سوریەو رێکخراوی ئەلقاعیدە پشتیوانی ماددی و مەعنـەوی و لۆجـــستیکی ئــــەم گرووپانەن.



**زۆر بـــە کـــورتی پێناسەیان دەکەین:** بزووتنەوەیـــــەکی سیاسی-- چەکداری- – ئیـسلامیيە کــە خوازیـاری ئـاڵوگۆڕی قـوول و بنـەڕەتی لـە پێکهاتـــەی سیاســی، کۆمەڵایـــەتی وڵاتـــانی ئیسلامی دایـە. کـە لـە رێگـــــــــــەی دوگمــــــاتیزەکردنی مەزهـەب و پێکهێنـانی تێکەڵاوێك لە دین و سیاسەت، ئیمارەتی ئیسلامی لە وڵاتانی موسوڵمان نـشین دا پێك بهێنن. واتە لەم سیستمەدا دین و شەریعەتی ئیسلامی تاکە سەرچاوەی

دارشتنی دەستور و قانوونی ولات دەبێ و دەوڵەتیش ئەرکە سەرەکییەکەی تەنفیز کردنی ئەم قانوونەیە.

لەم سیستمەدا کۆمەڵگا بە پێی شەریعەتی ئیسلامیی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی بەڕێوە دەچێ و روون و ئاشکراشە کە لە وەها چواچێوەیەك دا، بنەما فیکرییەکانی: ئازادی، دێمۆکراسی، مافە تاکەکەسییەکان و مافەکانی مرۆڤ کە لە یاساکانی نێودەوڵەتی دا راگەیەندراون، بەرابەریی ژن و پیاو و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی فیکری و ... بوونی خۆیان لە دەست دەدەن و خەڵك دەبێ پێڕەوی لە شتێك بکەن کە مەزهەب و شەریعەت بۆیان دیاری دەکا. بۆ نموونە رێژیمی تۆتالیتێری مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی، ئیمارەتی تالیبان لە ئەفغانستان و ... هتد. بۆ ئەم مەبەستش بونیادگەڕا رادیکاڵەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی ئەم کارانە دەکەن:

١_ بانگەشە و کارکردن لە نێو چینی کەم داهاتی کۆمەڵگا و راکێشانی سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان، بە کەڵك وەرگرتن لە نزمبوونی ئاستی ژیانی ئابووری خەڵك لە رێگەی خوێندنگا ئایینی و مزگەوتەکان، هەموو نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا دەگەڕێننەوە سەر "تهاجم"ی کولتووری رۆژئاوایی و دیاردەکانی دێمۆکراسی بە هۆکاری راستەقینەی لێکترازانی کۆمەڵگای ئیسلامی و بەها ئەخلاقییەکان دەزانن. هەر لەو پێوەندییەش دا بە وەعدە و بەڵێنی سەیرو سەمەرەی پڕوپووچ لە بواری مەعنەوییەوە بیروڕای خەڵك بۆ لای خۆیان رادەکێشن، بە تایبەتی گرینگییەکی زۆر بە کارکردن لە سەر بیرو هزری لاوانی کەم تەمەن دەدەن. وەك: میسر، جەزائیر، یەمەن، عەرەبستانی سعوودی، ... و کوردستان (ناوچەکانی هەورامانی کوردستان لە زەمانی "انصارالاسلام" دا).

٢_ پێکهێنانی کەشێکی پڕ لە ترس و وەحشەت و تۆقاندن لە رێگەی تیرۆرو رەشەکوژی و تەقاندنەوەی ناوەندە ئابوری و سەنعەتی و دامودەزگا حکومی و بنیاتە خێرخوازی و ئامووزشییەکان.

٣_ راکێشانی سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان بە دروستکردنی مزگەوت و شوێنە ئیسلامییەکان و هاوکاری کردنی ماددی هێندێك خەڵك کە خۆیان مەبەستیانە. زۆر جاریش بۆ نیشاندانی سیمایەکی ماقووڵ و پەسند لە خۆیان هێندێك پرۆژەی خێرخوازیشیان بەڕێوە بردوە، کە ئەمەیان شانتاژێکی بە تەواو مانایە.

٤_ قۆستنەوەی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان لە ولاتانی ئیسلامی بە مەبەستی تایبەتی خۆیان، کاتێك کە ولاتێك یا ناوچەیەك تووشی قەیرانی سیاسی، ئابووری و شەڕی ناوخۆ دەبێ.

٥_ پڕوپاگەندە کردن و جۆشهێنانی ئیحساساتی مەزهەبی خەڵك بە بیانووی بوونی هێزەکانی ئامریکا لە ولاتانی عەرەبی دەوری کەنداو، بە تایبەت عەرەبستانی سعوودی کە پیرۆزترین شوێنی موسوڵمانانی جیهانی لێیە. هەروەها گۆڕینی رێژیمەکانی ئەفغانستان و عێراق، کە یەکەمیان ئیمارەتی ئیسلامی بوو و دووهەمیشیان دوژمنی ئیسراییل بوو و خۆی پێ چاوسووری ولاتانی عەرەبی بوو.

٦_ کەڵك وەرگرتن لە کێشە نەتەایەتییەکان و پێدانی رەنگ و بۆی مەزهەبی بە مەسەلە نەتەایەتییەکان، وەك: چیچێن، ئەنگوش، بۆسنی هێرزە گۆڤین، کۆسۆڤۆ، میندانائۆی فیلیپین و...

٧_ دروستکردنی کۆمەڵێك مەدرەسە و خوێندنگەی ئایینیی تایبەت لە ژێر ناوی جۆراوجۆر، بۆ بارهێنان و پەروەردە کردنی لایەنگرانیان، بە تایبەت لە رێگەی خراپ تەفسیر کردنی بناغە فیکرییەکانی ئایینی ئیسلام لە بەرژەوەندی خۆیان دا. وەك مەدرەسە دینییەکانی: پیشاوەری پاکستان، سوودان و تاجیکستان، کە شێخ عبدالرحمان تالش ئەندامی چالاك و یەکێك لە سەرکردەکانی ئەلقاعیدە بەرێوەی دەبرد.

٨_ خۆتێوەردان لە هاوکێشە سیاسییەکانی نێودەوڵەتان و خۆدەرخستنیان وەك هێزێکی کاریگەر، وەك: لوبنان، فەلەستین، عێراق، کشمیرو ... کە بیرڕای گشتی بۆ کاتی هەڵبژاردنەکان ئامادە دەکەن.

**بەستێنی مێژوویی**

هەرچەند "فتوحات"ی ئیسلامی هەموو وڵاتانی عەرەب و ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەراستی گرتەوەو دواتریش حوکمرانی ئیسلامی و جیهادی موسوڵمانان گەیشتە دەروازەکانی فەرانسەو گرانادای ئیسپانیا، بەڵام دوای "خلفای راشدین" بەردەوام ئەو بیرو بۆچوونە لە لایەن توندرەوانی ئایینییەوە لە ئارادا بووە کە حکومەت و دەسەڵاتداری لە ژێر ناوی پیرۆزی ئیسلامەوە درێژە بە تەمەنی خۆی بدا. بۆ وێنە: مێژوو روونی کردۆتەوە کە عەبباسییەکان بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ لە ژێر ناوی ئیسلام و خەلافەتەوە چیان کردوە. ئومەوییەکان و فاتمییەکان لە میسر و عوسمانییەکان لە رۆژهەلاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا و باشووری ئورووپا بۆ ماوەی چەند سەدە کۆمەڵگای ئیسلامیان لە دواکەوتوویی دا هێشتەوەو هەمیشە رێگر بوون کە ئیسلام لە گەڵ ژیان و پێداویستییەکانی سەردەم بگونجێ و ئێستاش دەبینین بە دوای ١٤٠٠ ساڵ لە وڵاتێکی وەکوو ئێران چ سیستمێك حکوومەت دەکا کە بەرچاوترین نموونەیە لە رێژیمێکی رادیکاڵی ئیسلامی.



دوای تێکرووخانی ئیمپراتووری عوسمانی، لە لایەن رادیکاڵە ئیسلامییەکانەوە هەست بە بۆشاییەکی گەورەی "فقهی" و مەعنەوی دەکرا، کە دنیای ئیسلام تێی کەوتبوو. چون تا ئەوکات ئیمپراتووری عوسمانی لە ژێر ناوی خەلافەت ببوو بە "دارالخلافە"ی موسوڵمانان. هەر بۆیە هەوڵ درا کە رێکخراوێکی جیهانی بۆ رێکخستن و وشیار کردنەوەی موسوڵمانان پێك بهێندرێ و لە ئاکام دا لە ساڵی ١٩٢٨ لە لایەن "حسن البنا"، رێکخراوی "اخوان المسلمین" واتە برایانی موسوڵمانان لە وڵاتی میسر دروست بوو.(١)

پێویستیی پێکهێنانی رێکخراوێکی لەم چەشنە لە مێژ بوو لە لایەن توندرەوانی ئیسلامییەوە هەستی پێدەکرا. " مرتچی مگهری" لە کتێبی "نهچتهای اسلامی" لە سەد ساڵەی دواییدا دەڵێ: "لە نیوەی دووهەمی سەدەی سێزدەی ئیسلامی لە ئێران، میسر، سوریە، لوبنان، باشووری

ئافریقا، تورکیه و ئەفغانستان بزووتنەوەیەکی چاکسازی(اصلاحی) رووی دا. ئەوەش بە دوای رکوودی چەند سەد ساڵەیە کە ئیسلام تێی کەوتبوو." ناوبراو دەڵێ: "(٢) ئەم بزووتنەوەیە پەرچەکردارێك بوو لە بەرامبەر هێرشی ئیستعماری سیاسی، ئابووری و کولتووری رۆژئاوادا و بە جۆرێك رێنسانس و "تجدید حیات" لە جیهانی ئیسلامی دا دەزانێ. ئەو بزووتنەوەیە لە لایەن "سید جمال الدین افغانی" وەڕێ خراو دواتر "شیخ محمد عبده" میسری و "شیخ عبدالرحمان کواکبی" لە سوریە درێژەیان پێدا.(٣) گرینگترین پەیامی ئەو سێ کەسە بۆ جیهانی ئیسلامی ئەوکات ئەوە بوو کە: بەشداری موسوڵمانان لە کاروباری سیاسی دا بە ئەرکی شەرعی و ئیسلامی دانرا بۆ دەربازبوون لە قەیرانێك کە کۆمەڵگای ئیسلامی تێکەوتبوو. لە روانگەی ئەوانەوە قەیرانگەلی جیهانی ئیسلام بەم شێوەیە بوون:

١_ سەرەڕۆیی و بێ کیفایەتی حاکمانی سەردەم کە بە سەر وڵاتانی ئیسلامی دا زاڵ بوون، وەك: عوسمانییەکان و قاجارەکان و... کە پێیان وابوو خەلیفە عوسمانییەکان شیاوی رێبەرایەتی کردنی جیهانی ئیسلام نین لە رووی سیاسی و ئاینییەوە.

٢_ "جهالت" و دواکەوتوویی و بێ خەبەری جیهانی ئیسلام لە کاروانی زانست و شارستانییەت.

٣_ "نفوژ"ی رۆحی مەسیحی گەری لە رێگەی پێشکەوتوویی کولتووری و ئابووری و سەنعەتی و... بۆ نێو بیرو ئەندێشەی موسوڵمانان و دوور کەوتنەوەیان لە ئیسلامی واقیعی.

٤_ بوونی جیاوازی و ناکۆکی لە نێو موسوڵمانان لە ژێر ناوی مەزهەبی و غەیرە مەزهەبی.

٥_ گەشە کردنی ئیستعماری رۆژئاوا و داگیرکردنی وڵاتانی موسوڵمان نشین و بە تاڵان بردنی سەرچاوە ژێر زەمینییەکان و سەروەت و سامانی میللی.(٤)

**هەر بۆیە ئەم سێ کەسە:**

بۆچوونەکانی خۆیان وا تێئۆریزە کرد کە بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە، هاوبەستەگی دین و سیاسەت بە خەڵك "القاء" بکرێ و رایانگەیاند پێویستییەکی شەرعییە تاکی موسوڵمان وشیاریی سیاسی هەبێ و لە کاروباری سیاسی پێوەندیدار بە کۆمەڵگای ئیسلامییەوە بەشداری بکا. لە روانگەی ئەوانەوە "گرێدانی دین و سیاست" بەو واتایە نیە کە دین وابەستەیە بە سیاست، بەڵکوو سیاست وابەستەیە بە دین.

هەر بۆیە دوای سەرهەڵدانی "اخوان المسلمین" و گۆڕانکارییە جیهانییەکان، بە تایبەت بە دوای هاتنە ئارای شەڕی جیهانی دووهەم و پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسرائیل، خوێندنەوەگەلی دیکە بۆ ئیسلامی سیاسی هاتە ئاراوە کە "شێخ عمر عبدالرحمان"، "یوسف قرچاوی" و "سید قگب" بۆچوونەکانی رێکخراوی اخوانیان تیۆریزە کرد. هەروەها هەوڵیان دا لە وڵاتانی ئیسلامی پەرە بەو رێکخراوە بدەن. دوای ماوەیەك توانیان لە ئۆردۆن، عێراق و سوریە بنەما فیکرییەکانیان پەرە پێ بدەن. بەم شێوەیە تا شەڕی جیهانی دووهەم دەستیان بە تێکۆشانی نهێنی کرد. بەڵام چەند هۆکار کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین، بوونە هۆی ئەوە کە تێکۆشان و جموجۆڵی ئیسلامییە رادیکاڵەکان تا رادەیەکی زۆر بەرتەسك و سنووردار بێ:

١_ هەلومەرجی سیاسیی جیهانی دوو جەمسەری و هاتنە ئارای شەڕی سارد، بەشێکی بەرچاوی کێشە میللی و ئیدئۆلۆژییەکانی خستبوە ژێر کاریگەری خۆی.

٢_ کێشەی عەرەب–ئیسرائیل و شکستی عەرەبەکان لە شەڕەکانی ١٩٤٨، ١٩٥٦، ١٩٦٧، ١٩٧٣ و ١٩٨٢ و سەرهەڵدانی ئیدئۆلۆژییە ناوچەییەکانی بەعسیزم و ناصریزم لە وڵاتانی عەرەبی، ئەو مەجالەی بە رادیکاڵە ئیسلامییە توندڕەوەکان نەدەدا کە خەڵك بە دژی ڕژێمەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن.

٣_ دروستبونی شەڕگەیەکی دیکە بۆ ئیسلامییە توندڕەوەکان لە ئەفغانستان بە دژی ئەرتەشی سوور و حکومەتی کۆمۆنیستی ببرك کارمل. هۆکارێکی دیکە بوو بۆ سەرقاڵبوونی ئیسلامییەکان کە بەو رادەیە گەشە نەکەن کە دوای دەیەی ٩٠ پێی گەیشتن.

بەم جۆرە دەگەینە دەیەی ٩٠ی میلادی. بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، گۆڕانکاری بەرچاو لە پێوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتیەکان هاتە کایەوە. بە تایبەتی کە ئامریکا تاقە هێزی نیزامی و ئابووری و سیاسی جیهانە کە داڕشتنەوەیەکی نوێی هەیە بۆ ستراتیژی خۆی لە جیهاندا، بە تایبەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە لایەکی دیکەش دوای تەواو بوونی جیهانی ٢ جەمسەری، چەندین کێشەی میللی و مەزهەبی و فیرقەیی لە جیهان دا سەری هەڵدا و دەتوانین بڵێین یەکێك لە دەرئەنجامەکانی : سەرهەڵدانی ئاشکرا و گەشەکردنی فکرییەت و بیرو بۆچونی ئیسلامی سیاسییە. بۆ وێنە:

١_ لە ئەفغانستان دەسەلات کەوتۆتە دەست گرووپ و ریکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان و هەرچەند شەڕێکی خۆیناوی لێ کەوتەوە، بەڵام حکوومەتیان پێك هێنا.

٢_ لە ساڵی ١٩٩١ لە ئەلجەزایر "جەبهەی نەجاتی ئیسلامی" عەباسی مەدەنی لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکان دا زۆرینەی کورسییەکانیان وەدەست هێنا.

٣_ لە ساڵی ١٩٩٢ گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی کوردستانی عێڕاق وەك بزووتنەوەی ئیسلامی بە رادەیەك گەشەیان کرد کە کێشەی گەورەیان بۆ حکوومەتی هەرێم دروست کرد.

٤_ هەر لە ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٩٤ هێزێکی توندڕەوی رادێکاڵی ئیسلامی بە نێوی "تالیبان" بە پشتیوانی پاکستان هاتنە میدان و لە ماوەیەکی کورت دا دەسەلاتی ئەو وڵاتەیان گرتە دەست، کە تاڵترین و تاریکترین دەورانە لە مێژووی ئەفغانستان دا.

٥_ هەر لە ساڵی ١٩٩٤ لە ناوچەکانی چێچێن، ئیسلامییەکان وایان گەشە کرد کە خوازیاری جیا بوونەوە بوون لە فیدراسێونی روسیە و بە هەزاران عەرەبی رادیکاڵ و ئیسلامییە توندڕەوەکان لە وڵاتانی موسڵمان نشین بەشدارییان لە شەڕانە دا کرد کە لە گەڵ روسیە دەکران.

٦_ لە ساڵی ١٩٩٥ لە قوناغی دووهەمی هەڵبژاردنەکانی ئەلجەزایر دیسان توندڕەوە ئیسلامییەکان زۆرینەی دەنگەکانیان بۆ خویان مسۆگەر کرد کە ئەگەر ئەرتەش رێگر نەبوایە، ئەوا دەسەلاتی وڵاتیان دەگرتە دست.

٧_ هەر لە دەیەی ٩٠دا لە میسر ، تونس و مەراکش ئەم بزووتنەوەیە بەرەورووی دەوڵەتانی حاکم بە سەر ئەو وڵاتانەدا بۆوە و فشاری بنیادگەرایی بۆ سەر کەمینەی مەسیحی"قبگی" بۆ سەپاندنی قانونی ئیسلامی بە سەریان دا لەو وڵاتانە بەو پەڕی خۆی گەیشت.

٨_لە ساڵی ١٩٩٧ لە تورکیە ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی حیزبی فەزیلەت"رفاە" لە هەڵبژاردنەکان دا توانیان بەشێوەی هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بۆ ماوەیەك حکوومەت بکەن.

٩_ له ئەندونێزی وێڕای چەندین کێشەی قەومی، بونیادگەرایی گەشەیەکی زۆری کردوه که جەبهەی ئیسلامی "ئەبو سەیاف" داوای گۆڕینی حوکمی وڵات دەکەن و له جەریانی کێشەی تیموری رۆژهەڵات، چ کوشتار و جەنایەتێکیان درحەق به خەڵکی مەسیحی تیمور کرد!

١٠_ له نیجێریه له ساڵی ١٩٩٦، فیرقه بونیادگەرا ئێسلامییەکان کوشتارێکی بەربڵاویان له "ئانی هیسته" مەسیحییەکان کرد.

١١_ له کشمیر هێشتا چارەنووسی سیاسی رون نیه."لەشکری تەیبه" که رێکخراوێکی رادیکاڵی ئێسلامییە، خوازیاری پێکهێنانی حکوومەتی ئێسلامین.

١٢_ له پاکستان له٢ جەبهەی جیاوازدا بونیادگەرایی ئیسلامی خەریکی پەره گرتنن، که یەکەمیان"سپای صحابه"یه و سوننی گەران و دووهەمیشیان گرووپی شیعه گەرای جەعفەرین.

١٣_ له وڵاتی فیلیپین: جەبهەی رزگاری خوازی ئیسلامی"مۆرۆ" خوازیاری دروست کردنی ئیماراتی ئیسلامین که ناوچه موسوڵمان نشینەکانی"میندانائۆی". که واته دەگەینه ئەو ئەنجامه که دوای شەری سارد له زۆر شوێن بیرو بۆچوونی ئیسلامی سیاسی پەره دەگرێ و بەشێوەی کارا دێته مەیدان بو گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵاتانی موسوڵمان نشین و گەیشتن به دەسەڵات. له لایەکی دیکەش بۆ زەبر لێدان له بەرژەوەندی وڵاتانی رۆژئاوایی، به تایبەتی ئامریکا.

بەم پێیه هیچ شك و گومانێك نیه که جیهان دیسان به سەر دوو بەرەی دیکەدا دابەش بۆتەوه. بەرەی دژه تیرۆر که ئامریکاو هاوپەیمانانی رێبەرایەتی دەکەن و بەرەی تیرۆر که رێکخراوی ئەلقاعیده و گرووپه توندرەوه ئیسلامییەکان به پشتیوانی وڵاتانی وەك ئێران، سوریه و... پێکی دێنن.

**تێڕوانین و بەشێك له تیۆریه نەزەری و بناخه فیکرییەکانی ئەم بزووتنەوەیه**

"الاهیات اسلامی" له چوار رەوتی فیکری پێکهاتوه، که هەرکام لەم چوار رەوته بۆچوونی تایبەتیان هەیه سەبارەت به مەعنەویاتی مرۆڤ و تێگەیشتن له بەها ئایینی و ئەخلاقییەکان. هەروەها تێڕوانینی جیاوازی خۆیان هەیه بۆ بنەماکانی ئیسلام و شەریعەت و "کشف" و خستنه رووی واقیع له ئایینی پیرۆزی ئیسلام دا.

ئەم چوار رەوته فیکرییه بریتین له:

١) حیکمەتی ئەشراق ٢) حیکمەتی مەشاء ٣) علیمی کەلام ٤) تەسەوف و عیرفان(٥)

پێڕەوان و لایەنگرانی حیکمەتی مەشاء یا مەشائیون بۆ گەیشتن به حەقیقەت دەستەو داوێنی "کەشف و شەواهید" دەبن و له رێگەی واقعیەتەوه، بایەخه دینییەکان کەشف دەکەن. هەرچەند کۆمەڵێك بۆچوون و بیروڕای توندرەوانەش له نێو حیکمەتی مەشاء دا هەیه، بەڵام بەشی بەرچاویان (له گەڵ لایەنگرانی تەسەوف و عیرفان) پێیان وایه که دینی ئیسلام له گەڵ گیان و پێداویستییەکانی سەردەم دەگونجێ و ئیسلام دینی "اجتهاد" و "تاویل"ە. هەروەها له سەر ئەو بڕوایەن که ئایینی ئیسلام، ئایینی باوەڕ هێنانه به یەکپارچەیی رەگەزی له چوارچێوەی فرەرەگەزی دا.

حیکمەتی ئەشراق که زۆرترین پێڕەوانی شیعەیان هەیه، باوەڕی قووڵیان به بەشداری موسوڵمانان له کاروباری سیاسی و هەروەها تێکەڵ کردنی دین و دەوڵەت هەیه. ئەوانه لایەنگری له بیرو بۆچوونی "اخباریگری"(شیعه)

سەدەی ١٠ دەکەن. بنەما فیکرییەکانی ئەو رەوتە لە سەر تێکەڵاوی دین و سیاسەت بریتین لە:

بردنە سەری ئاستی شعووری سیاسیی تاکی موسوڵمان، لە سەرووی هەموو بەرنامەیەکی ژیانە. شعووری دینی و شعووری سیاسی دوو پێویستیی گرینگی ژیانن. لە روانگەی ئەوانەوە دینی ئیسلام دینێکی سیاسییە.(عبدالرحمان کواکبی هەمیشە لە سەر ئەو ئەسڵە پێی دادەگرت.) "سید جمال اسدابادی" لە رۆژنامەی "عروه الوثقی"دا بارهێنان و پەروەردەی دینی بۆ کۆمەڵگا بە بێ پەروەردەی سیاسی و کردەوەی سیاسی بە ناتەواو دادەنا.(٦)

عیلمی کەلام کە رەوتێکی دیکەی فیکری ئیسلامییە، پێشکەوتوویی کۆمەڵگای ئیسلامی لە ئیدئۆلۆگ کردن و مەکتەبی بارهێنانی مرۆڤ لە ئەندێشەی ئیسلامی دا دەبینێتەوە. لایەنگرانی ئەو رەوتە بەهێز کردنی بنەما ئەخلاقییەکان، جووڵەی فیکری و پەرە پێدان بە فەلسەفەی سیاسی ئیسلامی بە رەمزی سەرکەوتن دەزانن.

یەکێکی دیکە لە رەوتە فیکرییەکانی ئیلاهیاتی ئیسلامی، تەسەوف و عیرفانە. هەرچەند نەك بە شێوەی رەها، بەڵام بەشێوەیەکی رێژیی لایەنگرانی ئەو رەوتە بە نیسبەت سێ رەوتەکەی دیکە کەمتر گرینگی بە سیاسی بوونی ئیسلام دەدەن. ئەوان پێیان وایە پێویستە لە چەمکگەلی ئیسلامی دا رێفۆرم و چاکسازی بکرێ، و بە خزمەتێکی گەورە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی دەزانن.

لە روانگەی رێفۆرمیستە ئیسلامییەکانەوە کە خوازیاری رێفۆرمی دینین:

- ئیسلام دینی عەقڵ و زانستە.
- ئیسلام دینی پێکەوە سازانی پێڕەوانی هەر سێ دیانەتی ئاسمانییە.
- دینێکە "تکفیر" رەت دەکاتەوە و ئیمان وەك پێوەندییەکی نێوان مرۆڤ و مەعنەویات پێناسە دەکا.
- ئیسلام دژی بازرگانی کردنی دینە کە کەڵکی خراپی لێ وەرگیرێ.
- دینی لێبوردەییە.
- دینی کرانەوەیە لەسەر بنچینەی داد.(٧)

**تێزی دینی و روانگەی بونیادگەراکان لە سەر دەوڵەتی دینی**

کۆمەڵە دەستوورو "قواعد فقهی" هەڵقوڵاو لە بنەماکانی ئیسلام کە ئەرکی رێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان موسوڵمانانی لە هەموو جیهان و هەروەها لە پێوەندی لە گەڵ میللەتانی جیهانی لە سەر بنەمای دادپەروەری(قسگ و عدل)– کە ئەویش لە وەحی ئیلاهییەوە سەرچاوە دەگرێ– لە ئەستۆیە. بە باوەڕی بونیادگەراکان، ئیسلام دینێکی جیهانییە کە سنوور، کات و شوێن ناناسێ و بەردەوام لە حاڵی پەرەگرتن دایە و تەنیا تایبەت بە گرووپێکی ئەتنیکی، قەومی یان وڵاتێك نیە. هەروەها رادەگەیەنن ئیسلام دینێکی کامیلە و لە تەواوی کاروباری ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دا یاسای تایبەتی خۆی هەیە و تاکی موسوڵمان لە بەرامبەر هیچ یاسایەکی دیکەدا بەرپرسیار نیە.(٨)

روون و ئاشکرایە لە روانگەی بونیادگەراکانەوە جوغرافیای وڵاتانی موسوڵمان نشین، شوێن، کات، سنوورو سەربەخۆیی وڵاتان هیچ بایەخێکی نیە و شەرعیەت بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان دەدەن. هەر ئەوەی کە تێرۆریستێك لە ئەفریقا یان لە وڵاتێکی دیکەوە دەچێ بۆ وڵاتێکی دیکە و بە نێوی "جهاد" خۆی دەتەقێنێتەوە، لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە روانگەی بونیادگەرایی ئیسلامییەوە "فقه سیاسی" دوو بەشی هەیە:

١_ دەستوورو پڕنسیپەکان لە پێوەندی لە گەڵ سیاسەتی ناوەوەو ڕێکخستنی پێوەندییەکان لە سەر بنەمای شەرع لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامی دا.

٢_ دەستوورو پڕنسیپەکان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکی و ڕێکخستنی پێوندی شەرعی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دا.

لە هەر دووك بەشی "فقە سیاسی"ی بونیادگەڕایی ئیسلامییەوە دەبێ:

شوناسی واقیعی ئیسلام بپارێزرێ و کولتووری ئیسلامی پەرەی پێ بدرێ و تێکەڵ بە ڕۆح و مەعنەویاتی خەڵك بکرێ. لەو چوارچێوەیەش دا هەر کۆسپ و لەمپەرێك هەبێ، ئەوا لە ڕێگەی جیهادەوە دەبێ چارەسەر بکرێ و لا ببردرێ.

بەو پێیە بۆ کۆمەڵگایەك کە سید قگب گوتەنی "مرۆڤایەتی لە لێواری هەڵدێران دایەو هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پووچی بەهاکان"، جیهاد لە هەموو کات پێویست ترە. لە ڕوانگەی بونیادگەڕایی ئیسلامییەوە جیهاد ئاوا پێناسە دەکرێ:

جیهاد دەبێ پێویستییەکانی مرۆڤایەتی لە گۆڕەپانی ژیان دا دابین بکاو لەمپەرەکان لاببا. بە پێی شەریعەتی ئیسلام حەرەکەت کردن لەو مەسیرەدا دوو مەبەست دەپێکێ: ١) تێگەیشتن یا "استنباگ"ی حوکمی تاکەکەسی ٢) تێگەیشتن یا "استنباگ"ی حوکمی کۆمەڵایەتی

شوێن و کات دوو تۆخمی سەرەکین لە ڕاگەیاندنی جیهاددا و پێویستییەکانی بەشەری پەرە پێ دەدەن لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجگەلی ڕاستەقینەی ئیسلامی. سید قگب لە کتێبەکەی دا بە نێوی "مەشغەڵان" دەنووسێ: "ئەمڕۆ لە جاهیلییەتی سەردەمی ئیسلام، دژوارتر دەژین." هەروەها لە سەر ئەو باوەڕەیە کە بۆچوون و تێڕوانینی خەڵك، داب و نەریت و داهاتیان، دەسکەوتی کولتووریان، یاساکانیان، هونەرو وێژەیان، هەر هەمووی بەرهەمی ئەو جاهیلییەتەن. کە واتە جیهاد بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلی فیکری و مەعنەوی موسوڵمانان پێویستە.



٢٥

**هۆکارەکانی گەشەکردنی "فەندەمێنتالیزم"ی ئیسلامی:**

١_ نزم بوونی ئاستی ژیان لە وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی و نەبوونی شێوە پەروەردەیەکی سەردەمیانە و لاوازی کولتووری و زاڵبوونی هەستی مەزهەبی و عەشیرەتی و دواکەوتوویی سیاسی.

٢_ بوونی رێژیمگەلی گەندەڵ و دیکتاتۆڕ لە وڵاتانی ئیسلامی کە لەلایەن خەڵکەوە شەرعییەتی قانونییان پێ نەدراوە بۆ حکومەت کردن و لە کۆی ٢٢ وڵاتی عەرەبی – ئەگەر عیراقی لێ دەرکەین– تەنیا یەك سەرۆکیش نیە کە بە هەڵبژاردنێکی ئازادانەو دیمۆکراتیانە هاتبێتە سەر کار.

٣_ نەبوونی ئازادییە دیموکراتییەکان لە وڵاتانی ئیسلامی دا و تەحەمول نەکردنی هیچ دەنگێکی رەخنەگرانە و ئۆپۆزسیون لە نێو خوی وڵاتان دا.

٤_ بوونی هێزەکانی ئامریکا و وڵاتانی غەربی لە ناوچەو مانەوەیان، زەینییەتێکی دوژمنانەی لە نێو جیهانی عەرەبی دا بە هۆی پێشینەی ئیستعماری وڵاتانی رۆژئاوایی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پێکهێناوە.

٥_ چارەسەرکردنی کێشەی عەرەب– ئیسرائیل و پشتیوانی هەمە لایەنەی ئامریکا لە ئیسرائیل کە لە مێشکی لاوان و خەڵکی وڵاتانی عەرەبی دا بۆتە خۆرکە، بە تایبەتی شکستی ٢٢ وڵاتی عەرەب لە ماوەی ٥٨ ساڵی رابردودا.

بە هەر حاڵ هۆکاری گەشەکردنی بیروبۆچونی ئیسلامی سیاسی زۆرە کە ئێمە ئاماژەمان بەو چەند خاڵەی سەرەوە کرد.

سەرچاوەکان:

١) گۆڤاری تیشك، ژمارە ٨

٢) نهضتهای اسلامی در صد سالەی اخیر، مرتضی مطهری

٣) هەمان سەرچاوە

٤) هەمان سەرچاوە

٥) دین و دولت در عصر مشروطیت، باقر مومنی

٦) نهضتهای اسلامی در صد سالەی اخیر، مرتضی مطهری

٧) تەکفیر کردنی دین و دەوڵەت، فەرید ئەسە سەرد، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبە بیرو هوشیاری یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

٨) مەشغەڵان، سید قطب